بزانە : مەرجی چوونە نێو شانشینی خودا هیچ مرۆڤێک دیاری ناکات ، تەنها خودا دیاری دەکات .

نمونەی دەرگای تەنگ مەتا ٧: ١٣- ١٤ .

نمونەی داوەتی شایی مەتا ٢٢: ١- ٤ .

نمونەی داوەتی مەزن لۆقا ١٤: ١٥- ٢٤ .

پاشکۆی ٢

ئەو منالانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون ،وە نیشانەکانی کەشوهەوا ، تۆڕی ڕاو

نمونەی ئەو منداڵانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون لە مەتا 11: ١٦- 19 ، وە نمونەی نیشانەکانی کەشوهەوا لە مەتا ١٦: ١- ١٤ ، وە نمونەی تۆڕی ڕاو لە مەتا ١٣: ٤٧- ٥٠ تایبەتن بە بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا .

أ. ئەو منداڵانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون .

مەتا ١١: 16- 19 ؛ لۆقا ٧: ٣١- ٣٢ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

گۆڕەپانی گشتی .

بازاڕەکان لە نێو گۆڕەپان وشەقامە گشتیەکاندا بوون لە ڕۆژدا ، وە کاتێ دەبوە ئێوارە ئەم گۆڕەپانە چۆڵ دەبوو لە کاری فرۆش وکڕین ، ئیدی منداڵان کۆدەبوونەوەو یاریان تێدا دەکرد ، ئەمەش باو بوو لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لەو کاتەدا .

یاری و شەڕ کردن .

لەم چیرۆکەدا وێنەی کۆمەڵێ منداڵمان پیشان دەدات کە هەوڵ دەدەن یاری بکەن پێکەوە بەڵام سەرکەوتوو نابن لەوەدا ، ئیدی هەمیشە منداڵی تر هەن یاری یەکتر ڕەتدەکەنەوە لەوەی چی یاریەك بکەن . کاتێ هەندێ منداڵ پێشنیاریان کرد یاریەکی خۆشی بکەن وەکو سەماو زوڕنالێدان ، کۆمەڵێ منداڵی تر ئەو بیرۆکەیان ڕەتکردەوە ، وە کاتێ پێشنیاری یاریەکی غەمگینیان کرد وەکو لەخۆدان وخۆڕنینەوەو شین کردن ، کۆمەڵێ منداڵی تر وازیان لەو یاریە هێنا ئیدی بەم شێوەیە منداڵەکان کەوتە شەڕکردن لەگەڵ یەکتر و یەکتریان تۆمەتبارکردن بەوەی هاوکار نین .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١١ : 7- 15 ؛ لۆقا ٧: ٢٤- ٣٠ .

عیسا باسی گرنگی خزمەتەکەی یەحیای کرد و ئاماژەی بە لاوازی وەڵامدانەوەی گەلی ئیسرائیل کرد بۆ یۆحەناو خزمەتەکەی . مەتا ٣: ٥- ٧ ؛لۆقا ٧: ٢٩- ٣٠ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١١: ١٦- ١٧ ؛ لۆقا ٧: ٣١- ٣٢ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١١: ١٨- ١٩ ؛ لۆقا ٧: ٣٣- ٣٥ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو و وردەکاری بۆ ئەم نمونەیە ناکات.

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی ئەو منداڵانەی لە گۆڕەپانی گشتیدا دانیشتوون لە مەتا ١١: ١٦- ١٩ ؛ لۆقا ٧: ٣١- ٣٢ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا" .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت مرۆڤ بوەستێت لە هەڵسوکەوتە منداڵیەکانی و بەرپرسیارێتی وتەکانی و کردارەکانی بگرێتە ئەستۆ .

لە مەتا ١٨: ١- ٥ عیسا باسی ساکاری منداڵان دەکات بەڵام لە مەتا ١١: ١٦- ١٩ سەرزەنشتی هەڵسوکەوتی منداڵانە دەکات ، هەروەها بڕوانە لۆقا ٧: ٢٩- ٣٠ ؛ مەرقۆس ١: ١٥ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

١کۆرنسۆس ٣: ١- ٤ ؛ عیبرانیەکان ٥: ١١- ٦: ٣ **بخوێنەوە .**

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێردەکات بە بەراورد لەگەڵ فێرکردنی نمونەکە ؟

پێشەکی : هەردوو ئەم بەشە فێردەکات لەبارەی سزای هەڵسوکەوتی ناپێگەیشتوانە .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

هەڵسوکەوتی هەڵگەڕاوەو نابەرپرسانە تاوانبار دەکرێت . لۆقا ٧: ٢٢- ٣٤ .

دانایی بەکارەکانی بێتاوان دەبێت یاخود دەسەلمێنرێت .

هەروەها بڕوانە مەتا ٣: ٢، ٨ ، مەتا ١١: ٤- ٦ ؛ لۆقا ٧: ٢٩- ٣٠ .

ب. نیشانەکانی کەشوهەوا .

مەتا ١٦: ١- ٤ ؛ لۆقا ١٢: ٥٤- ٥٦ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

ئەم چیرۆکە باو بوو کە تەماشای ئاسمانیان دەکرد بۆ پێشبینی کردنی کەشوهەوا .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٦: ١ .

ڕابەرانی ئایینی و سیاسی گەلی ئیسرائیل بەرهەڵستی عیسای مەسیح و خزمەتەکەیان دەکرد تا دەهات بەرهەڵستیەکەیان زیاتر دەبوو ، عیسای مەسیح مزگێنی ئینجیلی دەداو خەڵکی چاک دەکردەوە نەك تەنها لە نێو زەوی ئیسرائیلدا بەڵکو لە ناوچەکانی نەتەوەکانیشدا هەروەها وەکو سوروسەیدا مەتا ١٥: ٢١- ٢٢ ؛ مەتا ١٥: ٢٩- ٣٩ ؛ مەتا ١٢: ٣٨ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٠- ٣٢ ؛ بڕوانە یەشوع ١٠: ١٢- ١٤ ؛ ١ساموئیل ٧: ١٠ ؛ ١پاشایان ١٨: ٣٠- ٤٠ .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٦: ٢- ٣ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٦: ٣- ٤ .

نیشانی ئاسمانی .

عیسا بە فەریسیەکان وسەدوقیەکانی وت بە باشی ئاگاداری نیشانەکانی کەشوهەوان زیاتر لە نیشانەکانی ئاسمان ، بڕوانە کردار ٣: ١٩- ٢١ ؛ یۆحەنا ١: ١٧ ؛ ئیشایا ١١: ٩ ؛ یەرمیا ٣١: ٣٤ .

نیشانەی یۆنان . "یونس"

بڕوانە مەتا ١٢: ٣٨- ٤٢ . بەراوردە بە مانەوەی کۆڕی مرۆڤ لە نێو زەویدا و بەشداریکردنی دەسەڵاتی جولەکەو ڕۆمانی لە لەخاچدانەکەیدا.

کتێبی پیرۆز بە تەواوەتی ڕاینەگەیاندوە چۆن ئەم سێ ڕۆژو سێ شەوە ژمێردراوە ، هەندێ باوەڕدار ئەمە بەکار دەهێنن وەکو بەڵگەیەکی ژمارەیی لەسەر عیسا کە سێ ڕۆژی تەواو ماوەتەوە بە مردوویی . بەشێوەیەك هەر ڕۆژێك ٢٤ کاژێرە . وە لە ئێوارەی پێنج شەممەدا لەخاچدراوە ، بەڵام ئەم بیردۆزە ڕاست نیە ، چونکە یەکەمجار کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات بە ڕوونی کە عیسا لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینیدا

مرد وە لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەك شەممەدا هەستایەوە . بڕوانە مەتا ١٦: ٢١؛ ١٧: ٢٢- ٢٣ ؛ ٢٠: ١٨- ١٩ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

بزانە : ئەم نمونەیە تەنها پێشکەشکراوە بۆ جێبەجێکردن ئەمەش وردەکاری و بنەمای ڕاستەقینەی نمونەکەیە . مەتا ١٦: ٤ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی نیشانەی کەشوهەوا لە مەتا ١٦: ١- ٤ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت مرۆڤ بوەستێ لەوەی بە پەرۆشەوە بڕوانێتە نیشانەکانی کەشوهەوا کە گرنگ نین وە دەبێت

دەستبکات بە ڕوانین لە نیشانە گرنگەکان کە ئاماژەن بۆ دەستپێکردنی زەمەنێکی نوێ لە مێژووی ڕزگاریی خودا .

بەرپرسیارێتی کەسێتی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : : هەر یەك لەم بەشە کتێبیانە چیمان فێردەکات سەبارەت بەو ڕاستیەی ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

بڕوانە خودای باوکانی زیندوو . مەتا ٢٢: ٢٣- ٣٣ بخوێنەوە .

بڕوانە مەسیا ، مەسیحی چاوەڕوانکراو لە هەموو کتێبی پیرۆزدا . یۆحەنا ٥: ٣٩- ٤٧ بخوێنەوە .

جولەکە زۆر بەوردی لێکۆڵینەوەیان دەکرد بۆ کتێبی پیرۆز چونکە پێیان وابوو ژیانی تاهەتایی تێدایە بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیان بۆ کتێبی پیرۆز ژیانی تاهەتایی نابەخشێت بەڵکو ملکەچیەکە بۆ ئەوەی خودا فێریان دەکات و ڕایدەگەیەنێ لەو کتێبەدا وە ئەو کتێبەش باسی هاتنی عیسای مەسیح دەکات

لەپێناوی بەخشینی ژیانی تاھەتایی . وە لە ڕۆژی کۆتاییدا موساو هەموو پێغەمبەران سکاڵا دەکەن لە دژی جولەکەو بێباوەڕیان و ملکەچ نەکردنیان بۆ ئەوەی ڕاگەیاندراوەو نوسراوە لەو کتێبەدا .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

مردنی عیساو هەستانەوەی مەزنترین ڕوداوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە مێژوو لەت دەکات و دەیکات بە دوو بەشەوە .

ج. تۆڕی ڕاو

مەتا ١٣: ٤٧- ٥٠ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەمایانەی ژیانی بەرچاوی ئێستامان کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان

دەبێت ڕابەر توانای ئەوەی هەبێت بزانێ چۆن هەنگاو دەنێ و بۆ کوێ دەڕوات و چۆن خەڵکی تر بەڕیوە دەبات ئەگەر نا ، ناتوانێ ببێتە ڕابەر ! بۆیە ڕابەری نابینا وێنەیەکە گوزارش دەکات لە کەسێک کە خۆی بە ڕابەر دەزانێ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بەڕیوە دەبات بۆ هەڵدێر و لەناوچوون !

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣ : 36- 51 .

ئەم نمونەیە لەچوارچێوەی نمونەی گەنم و زیزانەو گەنجینەی شاراوە و مرواری گرانبەهادایە و ئاراستەی هەموو قوتابیەکان کراوە نەك خەڵکەکە بە گشتی .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣ : 47- 48 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ١٣ : 49- 50 .

ئەم نمونەیە باس لە سروشتی تێکەڵە دەکات لە شانشینی خودا لەم قۆناغەی ئێستایدا . بۆیە دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینەو ڕزگاربوو لەگەڵ باوەڕدارانی ناڕاست و ناڕزگاربوو پێکەوە بن تا ڕۆژی کۆتایی ، ئیدی لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ، عیسا فریشتەکانی دەنێرێ بۆ جیاکردنەوەی بێباوەڕان لە باوەڕداران و خراپەکاران لە ڕاستودروستان ، ئیدی خراپەکاران بەرەو دۆزەخ و سزای تاهەتایی .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا هیچ واتایەکی دیاریکراو نادات بە چیرۆکەکە و ڕاڤەی واتای تۆڕ ناکات بەڵام وێنەیەکە بۆ قوتابیەکانی کە ڕاوی خەڵکی دەکەن لۆقا ٥: ١٠ وە جیاکردنەوەی ماسی خراپ لە باش وێنەیەکە بۆ حوکمدانی یەکەم وەك چۆن عیسا ڕوونی کردەوە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی تۆڕی ڕاو لە مەتا ١٣: ٤٧- ٥٠ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی نەك تەنها "جۆری خەڵکی لە شانشینی خودا " بەڵکو بەرپرسیارێتی چوونە نێو شانشینی خوداش هەروەها .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت هەموو مرۆڤێك ئەو ڕاستیە بزانێت کە حوکمدانی کۆتایی هەیە کاتێ خراپەکاران جیا دەکرێنەوە لە ڕاستودروستان ئەمە بە دڵنیاییەوە ڕوودەدات و یەکلابۆتەوە بە تەواوەتی و پاشگەزبونەوەو گۆڕانکاری تێدا ناکرێت .

پەیامی سەرەکی نمونەکە تایبەتە بە پەیامی سەرەکی نمونەی گەنم وزیزانە لە مەتا ١٣: ٤١- ٤٣ چونکە هەردوکیان پێداگری دەکەن لەسەر

ئارامگرتن لە مامەڵەکردن و تێکەڵاوبوونی باوەڕدارانی ڕاستەقینە بە باوەڕدارانی ناڕاست لە شانشینی خودا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

حوکمدانی کۆتایی ڕوودەدات و هیچ گەڕانەوەیەکی نیە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت ، بۆیە بە بەردەوامی عیسا پێداگری دەکات لەسەر حوکمدانی کۆتایی و ڕایگەیاند . مەتا ٨: ١٢ ؛ ١٣: ٤ ؛ ١٣: ٥٠ ؛ ٢٥: ١٠ ؛ ٢٥: ٣٠ ؛ ٢٥: ٤٦ ؛ لۆقا ١٧: ٢٦- ٣٧ . بۆیە ئەو هانی خەڵکی دەدات لە هەموو شوێنێك کە تۆبە بکەن مەتا ٤: ١٧؛ ٩: ١٣ ، وە هانیان دەدات ئاگادار و چاوکراوە بن بە بەردەوامی مەتا ٢٥: ١٣ ؛ مەتا ٩: ٣٥ - ٣٨ ؛ ١١: ٢٨- ٣٠ ؛ ١٤: ١٣- ١٨ ؛ ١٥: ٣٢؛ ٢٣: ٣٧ .